## د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح:

# لەسەر دەستی جەنابی کاک مسعود بارزانی ئەو برینانەی لە جەستەی کوردن سارێژ دەبن



❁ ئەمڕۆ بارودۆخی عێراق لە ناسکترین قۆناغدایە و کەچی لەو دۆخەشدا هێشتا هەندێک خاڵی جەوهەری و چارەنووساز بەلای کوردەوە هەن و لای لیستی ئیئتیلافی شیعەوە وەلا دەنرێن یان جۆرێک خۆدزینەوەی تێدا دەبینرێت و لە هەموو شی گرنگتر مەسەلەی کەرکوک و فیدرالیزمە.

ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوانە لەلاوازترین ئاستی سەربازی و بنکەی جەماوەریدان کەچی زۆر بایەخ بە خواستەکانی کورد نادەن، پرسیار لێرەدایە ئاخۆ ئەگەر پێگەی بەهێز و لەشکری بەهێزیان هەبێت هەڵوێستیان چۆن دەبێت؟ بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح وەزیری پلاندانانی عێراقی فیدراڵ ساز کرد.

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** ئەو گلەیی و گازاندانەی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەمبەر هەڵوێستەکانی ئەم دواییانەی لیستی ئیئتیلاف چۆن دەبینن؟**

هەندێک دیاردە هەن جێگەی سەرنجن بۆ ئێمە و مایەی نیگەرانی گەلەکەمانن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە لە بەغدا دەبێت هاوبەشی بڕیاری سیاسی بین و قبوڵمان نییە پاشکۆ بین و ئەم راستییەشمان بەسەرۆک وەزیرانی عێراق راگەیاندووە و بەسەرکردایەتی ئیئتیلافی شیعەشمان راگەیاندوە کە بەپێی ئەو رێکەوتنە سیاسییەی کە لە نێوانماندا هەیە دەبێت شەریکی تەواوی بڕیارین لەعێراقدا و ئەو دیاردانەی کە هەبوون هەرزوو بەرپەرچمان داونەتەوە و ئاگادارمان کردوون بۆ نموونە مەسەلەی دەرکردنی پۆلیسەکانی کەرکووک لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ قسەمان کرد و بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە ئەمانە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن کە عێراق لە قۆناغی دامەزراندندایە و مەرج نییە تەقالیدی سیاسی و حکومڕانی بەتەواوەتی دیار و بەرجەستەن، بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا کورد و هێزە دیموکراسیخوازەکانی تری عێراق کار بکەین و هەوڵ بدەین بنەماو پرەنسیپەکانی حوکمڕانی دروست بسەپێنین و بیکەینە مۆدێلێک لە ژیانی سیاسی عێراقدا.

*** لەکاتی سوێندخواردنی کابینەکەی جەعفەریدا بەڕێزتان بەشێوە دروستەکەی سوێندتان خوارد، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەو کاتەدا بە وەزیرەکانی ترتان نەگوت مەبەستم وەزیرە کوردەکانە تا لەوێ پێکەوە هەڵوێست وەرگرن؟**

– وەڵڵاهی بڵێم چی... من خۆم ئەوکاتە جەعفەری لە پێشمەوە بوو پێمگوت ئەوە سوێندێکی غەڵەتە و من ئەو سوێندە ناخۆم، ئەو باسی ئەوەی کرد بە هەڵە ئەوە روویداوە و چارەسەری دەکات. دوایی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەسەر ئەو مەسەلەیە وایکرد کابینەکە سوێندەکە دووبارە بکەنەوە.

*** جارێکی تر هەمان هەڵە روویدایەوە لەبەردەم پەرلەمانی عێراقدا کاتێک**

*** جەعفەری ئەجێندای حکوومەتەکەی باسکرد، پەرلەمانتارانی کورد دیسان بەسەریاندا تێپەڕی بۆ؟**

– لە راستیدا ئەو رۆژەی بەرنامەی حکوومەت پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو من لەوێ نەبووم، بەڵام ئاگادارم هەندێک تێبینی دراوە بە د. برایم جەعفەری و وا بڕیار بوو ئەو تێبینیانە رەنگ بداتەوە لە چاککردنی بەرنامەکەدا بەڵام لەکاتی پێشکەشکردنیدا لەبەردەم پەرلەماندا وانەبووە کە بڕیاری لەسەر دراوە، دڵنیام



ئەمە گفتوگۆی گەرمی لەسەر دەکرێت لە پەرلەماندا و لێی بێدەنگ نابین. چ لەگەڵ جەعفەری و چ لەگەڵ لایەنەکانی تردا و پێمان گوتوون ئێمە شەریکە بەشین لە بڕیار و ئایندەی عێراقدا.

*** زۆر جار هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە دەکرێت..**

– هێشتا زووە و هیوادارم وانەبێت چونکە ئەولەویاتی ئێمە دانانی دەستوورە و ماوەیەکی کەممان لەبەردەمدا ماوە بۆ دانانی دەستوور و ئێمە لاگیری ئەوەنین ئەو هاوپەیمانییەتییە هەڵوەشێتەوە، بە پێچەوانەوە لایەنگیری ئارامی و سەقامگیرین لەعێراقدا و هاوکاری سەرکەوتنی حکوومەتی عێراق دەبین بەڵام سەرکەوتن لەسەر بنەمای راست و رەوا کە ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هاوپەیمانی کوردستانی هاوبەشی بڕیاری سیاسی و ئیداری بێت لە حکوومەتی عێراقیدا.

ئەو سەردەمە بەسەرچوو کورد بە پاشکۆ بزانرێت یان قبوڵ بکات بە پاشکۆ بزانرێت.

*** هەڵبژاردن و بوونی سەرۆکی هەرێم لەم قۆناغەدا چ مەغزایەکی دەبێت؟**

– پێموایە ئەمە رووداوێکی زۆر گرنگە و وەرچەرخانێکی مێژووییە لەبارودۆخی کوردستاندا چونکە ئێمە کار دەکەین بۆ دامەزراندنی بنەمای حوکمڕانی خۆبەخۆی هەتا سەر، ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە لە کوردستاندا هەموو شتێک لە چوارچێوەی حوکمی یاسا و دامەزراوەکاندا دەبێت، بەدەستوور کردن و بە یاسا کردنی دەسەڵات لە هەرێمدا و یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان لەم قۆناغەدا دەسکەوتێکی مێژوویی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان و زامن کردنی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلەکەمان. هەڵبەتە هەڵبژاردنی کاک مسعود بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا مەغزایەکی گەورەی هەیە، کاک مسعود ئەرکێکی گەورەی رووبەڕوو دەبێتەوە و دەبێت هەمووومان هاوکاری بین بۆ ئەوەی لەو ئەرک و بەرپرسیارییەتییە مێژووییەدا سەرکەوتوو بێت. لە مێژووی ئەم دواییەی گەلەکەماندا برینی گەورە هەبوون بەتایبەتی لە شەڕی ناوخۆدا، دڵنیام لەسەردەستی بەڕێزیاندا ئەو برینانە سارێژ دەبن.

با هەمووومان هاوکاری بەڕێزیان بین بۆ ئەوەی لە کوردستاندا حکوومەتی یاسا و دامەزراوەکان و دەستوور و گەڕانەوە بۆ رای گشتی خەڵک و بەرەوپێشبردنی رۆخی سیاس ئەمڕۆ بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشتر دروست بکەین.

*** یەکێک لە مەرجەکانی رێکەوتنی نێوان کورد و شیعە مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ و مەسەلەی کەرکووکە، لەم بارەیەوە خەمساردی بەرامبەر هەیە.**

## مەسەلەی کەرکووک خاڵی سەرەکی هاوپەیمانییەتی ئێمەیە لەگەڵ هەر لایەنێکدا بۆیە هەرگیز سازشی لەسەر ناکەین

– دەبوایە مانگێک پاش پێکهێنانی حکوومەت جێبەجێ کرابایە و بودجەی تەواو بۆ لیژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دابنرایە، بەڵام هیچی نەکراوە و لەگەڵ د.برایم جەعفەری و وەزیری داراییدا قسەمان کردووە کە لە زووترین کاتدا جێبەجێ بکرێت، ئەوە خاڵی سەرەکی هاوپەیمانییەتی ئێمەیەو هەرگیز قابیلی قبوڵ نییە ئەو بەندە پێشێل و فەرامۆش بکرێت. ■